گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵ و هەڵوێستی کەریم ئەحمەد لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق ١٩٥٣-١٩٦٢

**پ.د. مهدی محمد قادر**
بەشی مێژوو، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Mahdi.muhammad86@yahoo.com

**دەشتی ئیسماعیل ئۆمەر**
بەشی مێژوو، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Dashtypalany86@gmail.com

## پوختە

سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم, چەندین کەسایەتی سیاسی کوردی دەرکەوتوون, کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە بزوتنەوەی سیاسی کوردی بینیوە, کەریم ئەحمەد یەکێکە لەو کەسایەتیانە بووە, کە ڕۆڵکی کاریگەری لە پێشخستنی پەیوەندییەکانی نێوان پارتە سیاسییەکان لە بەرەیەکی یەکگرتوودا هەبووە, هەروەها ڕۆڵ و هەڵوێستێکی سەرکردانەی هەبووە لە نێو سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق لە پاڵپشتیکردنی شۆڕشی کوردی, بۆیە هەڵساین بە دیاریکردنی ئەو بابەتە و ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەو بارەیەوە, بە پشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی گرنگ.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێکدێت, تەوەرەی یەکەم ناونیشانی (ژیان و کەسێتی کەریم ئەحمەد) هەڵگرتووە, کە باس لە ژیان و پێگەیشتن و قۆناغەکانی خوێندن و دەستپێکی کاری سیاسی دەکات . تەوەرەی دووەم تایبەتە بە هەڵوێستی کەریم ئەحمەد لە کێشە ناوخۆییەکانی حزبی شیوعی ١٩٥٣-١٩٥٧ . لە تەوەرەی سێیەمدا تیشک خراوەتە سەر هەڵوێستی سیاسی ناوبراو بەرامبەر پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق ١٩٥٨-١٩٦٢ . لە کۆتایشدا ئاماژە بەو دەرئەنجامانە کراوە کە توێژەر لە میانەی ئامادەکردنی ئەو توێژینەوەیە پێیگەیشتووە .

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/١٠/١٣
پەسەندکردن: ٢٠٢١/١١/٢٢
بڵاوکردنەوە: هاوینی ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
Art, Song, Music, Theater, Songer.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.2.16

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1. پێشەکی:

گەلی کورد بە درێژایی قۆناغە مێژووییەکان چەندین کەسایەتی سیاسی بە توانای لێهەڵکەوتووە, کە خاوەن پێگەیەکی دیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بووینە و ڕۆڵی بەرچاویان لە گۆڕانکاریە سیاسی و هزریەکان هەبووە .

کەریم ئەحمەد یەکێک لەو کەسایەتیە سیاسیانە بووە, کە لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا بۆتە هەڵگری هزری مارکسی و لەو ڕێگەیەوە ڕۆڵێکی دیاری گێڕاوە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و نەتەوەیی لە عێراق و کوردستاندا, کە کاریگەری لەسەر پەرەسەندنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی هەبووە .

گرنگی بابەتەکە و نەبوونی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی تایبەت بە چالاکیە سیاسییەکانی کەریم ئەحمەد وەک بەتەمەنترین کەسایەتی سیاسی عێراق و کوردستان بەشێکی گرنگ و بایەخدار لە توێژینەوەی مێژوویی, بوونەتە فاکتەری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەو بابەتە و نووسینی ئەو توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (ڕۆڵ و هەڵوێستی کەریم ئەحمەد لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق ١٩٥٣-١٩٦٢) .

ئامانجی توێژینەوەکە خستنەڕووی چالاکیە سیاسییەکانی ناوبراوە بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنیەوە, هەروەها بەدیارخستنی پێگە و ڕۆڵی ناوبراوە لە خەباتی سیاسی و کاریگەری چالاکیەکانی بەسەر عێراق و کوردستاندا .

سەبارەت بە سەرچاوەکان کە لە ئامادەکردنی ئەو توێژینەوەیە سوودی لێوەرگیراوە, پەرتووکەکان بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی پانتاییەکی فراوانیان داگیرکردووە, لە گرنگترین ئەو پەرتووکانە: (بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان )ی (فاتح ڕەسوڵ) و (پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨)ی (مهدی محمد قادر) و (العراق-الحزب الشيوعي)ی (حنا بطاطو) و (من كان وراء حوادث الموصل و كركوك الدامية ٨ أذار-١٤ تموز ١٩٥٩)ی (عبدالفتاح علي يحيى البوتاني) و (الحزب الشيوعي العراقي من إعدام فهد حتى ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨)ی (سيف عدنان ارحيم القيسي), لەگەڵ ژمارەیەک یاداشتنامەی چەند کەسایەتییەکی دیاری حزبی, وەکو (ڕێڕەوی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێکۆشان)ی (کەریم ئەحمەد) و (بیرەوەریەکان) ی (بەهائەددین نوری) و (من الذاكرة)ی (صالح مهدی دكلة), لە پاڵ بەڵگەنامەی حکومی و بڵاوکراوە حزبییەکان .

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکیەک و سێ تەوەرەی سەرەکی و دەرئەنجام پێکهاتووە, تەوەرەی یەکەم تیشک دەخاتە سەر کورتەیەک لە ژیانی کەریم ئەحمەد و قۆناغەکانی خوێندنی و ژیانی هاوسەرگیری و تایبەتمەندی کەسایەتی ناوبراو . تەوەرەی دووەم تایبەتە بە هەڵوێستی کەریم ئەحمەد لەمەڕ لێکترازان و کێشە ناوخۆییەکانی حزبی شیوعی لە ساڵانی ١٩٥٣-١٩٥٧. تەوەرەی سێیەم باس لە هەڵوێستی سیاسی کەریم ئەحمەد بەرامبەر پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق لە ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٢ دەکات .

ئەم توێژینەوەیە وەک هەر کارنامەیەکی دیکەی ئەکادیمی لە هەڵە بەدەر نیە, بۆیە هەر هەوڵێک بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و کەموکوڕییەکان جێگەی سوپاس و پێزانینە .

## تەوەرەی یەکەم/ ژیان و کەسێتی کەریم ئەحمەد

ناوی تەواوی (کەریم کوڕی ئەحمەد کوڕی پیرداود کوڕی ساڵح) ە (دیدار لەگەڵ ئەحمەد, کەریم, ٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠), بە پێی نووسراوی فەرمانگەی دەرهێنانی ناسنامەی باری شارستانی, لە ساڵی ١٩٩٢ لە گوندی (گردمەلا) لەدایک بووە (حكومة العراقية, ر:102م, ت:1936/6/6) .

کەریم ئەحمەد لە باپیریەوە ڕەچەڵەکی بۆ تیرەی (ڕمەک) ی سەر بە عەشیرەتی (بلباس) دەگەڕێتەوە, کە لە گوندی قەتەوی سەر بە پارێزگای هەولێر نیشتەجێ بوونە (السورچي,٢٠١٧,٥١), خێزانی کەریم ئەحمەد بارودۆخی ئابووریان باش نەبووە و گوزەرانیان سەخت بووە, ئەمەش وادەکات ناوبراو هەر لە سەرەتای ژیانیەوە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی چەندین کاری وەک کرێکاری و قوڕکاری و گەچکاری و ماستاو فرۆشتن و تورشی فرۆشتن و ئوتوکردنی جلوبەرگ ئەنجام بدات, هەر ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە لە چوونە قوتابخانە دوابکەوێت (دیدار لەگەڵ ئەحمەد, کەریم, ٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠) .

کەریم ئەحمەد لە ساڵی خوێندنی (١٩٣٤-١٩٣٥) دەبێتە قوتابی لە قۆناغی یەکەمی سەرەتایی و لە قوتابخانەی (أربيل الثانية) وەردەگیرێت, ناوبراو تاوەکو پۆلی سێیەمی سەرەتایی لە شاری هەولێر دەخوێنێت, دواتر بە هاوکاری خێزانێکی ناسیاویان بە ناوی (ئیبراهیم چیچۆ)دەچێتە شاری بەغدا,

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ ماوەی (٣) ساڵ لە (قوتابخانەی بەتاوی) دەخوێنێت و لە ساڵی خوێندنی (١٩٣٩-١٩٤٠) قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات (غەفوور,١٢,٢٠١٨) . دوای تەواو کردنی قۆناغی سەرەتایی بەمەبەستنی درێژەدان بە خوێندن, داوایەک پێشکەش بە (خانەی مامۆستایانی لادێ) (دار المعلمين الريفية) لە (ڕۆستەمیە) دەکات و لەوێ وەردەگیرێت, لە ساڵی خوێندنی (١٩٤٤-١٩٤٥) (خانەی مامۆستایانی لادێ) بە سەرکەوتوویی تەواو دەکات, دواتر بەهۆی حەز و ئارەزووی زۆری بۆ وەرزش, لە ساڵی ١٩٤٥ داوایەک پێشکەش بە (پەیمانگەی وەرزش)ی لە شاری بەغدا دەکات و لە پەیمانگەکە وەردەگیرێت (السورچي,٥٤,٢٠١٧؛ عەلائەددین,٢٠٢,٢٠١٤), لە ساڵی ١٩٤٦ بڕوانامەی ئەو پەیمانگەیە بەدەست دێنێت (غەفوور,١٣,٢٠١٨) .

ناوبراو دوای تەواوکردنی پەیمانگە لەسەر میلاکی (بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی هەولێر) وەک مامۆستای وەرزش لە قوتابخانەی (یەکەمی سەرەتایی کۆیە) دادەمەزرێت, دواتر ڕاژەکەی بۆ (قوتابخانەی ناوەندی کۆیە) دەگوازرێتەوە و لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ دەستبەکار دەبێت (دیدار لەگەڵ ئەحمەد, کەریم, ٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠) .

کەریم ئەحمەد لە نیسانی ١٩٤٨ لەگەڵ (حەمدیە مستەفا عوسمان) ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنن و لە ژیانی هاوسەرگیریان دەبنە خاوەنی (٤) کوڕ و (٣) کچ, کوڕەکان ناویان (پێشڕەو, بۆتان, کاروان, کامەران) و کچەکانیش ناویان (سوعاد, بەیان, ژیان) بووە, کە لە ئێستادا تەنها کوڕەکان لە ژیاندا ماون ( دیدار لەگەڵ ئەحمەد, کامەران کەریم, ٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠)[1] .

کەریم ئەحمەد لە ڕووی کەسایەتییەوە کەسێکی سادە و خاکی بووە, گیانی لەخۆبایی بوونی تێدا نەبووە, وەک کەسێکی ئاسایی لەناو کۆمەڵگە ڕەفتاری کردووە, جەلال تاڵەبانی (١٩٣٣-٢٠١٧) لەو بارەیەوە نووسیوویەتی: **"مامۆستا کەریم تێکۆشەرێکی خاکی و ڕەشۆکی و جەماهیری بوو, ئێمەمانانی خوێندکاری خۆی وەک خۆی تەماشا دەکردین و ڕێزی لێدەگرتین و زویر نەدەبوو و حەقدی لێهەڵنەدەگرتین"** (تاڵەبانی,٥٨,٢٠١٩), هەروەها کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ و دوور لە توندوتیژی بووە, لە قسەو کارەکانی ڕۆژانەی لەسەرخۆ دەرکەوتووە (دیدار لەگەڵ مامۆستا ڕەوەند, ٥ی نیسانی٢٠٢١)[2], بە پێچەوانەی ژیانی سیاسی کە هەڵچوون و تووڕەیی پێوە بینراوە, تەنانەت لە هەندێ کاتی گفتوگۆی سیاسیدا دەنگی بەرزکردۆتەوە و گۆڕان لە شێوازی قسەکردن و ڕووخساری ڕوویداوە (دیدار لەگەڵ بەڕانەتی, چەتۆ, ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠[3]؛ بیارەیی,٤٢,٢٠١٥), زیرەکی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بـوێری و چاونەترسـی لە ڕاپەڕانـدنی کـار و چالاکییەکـان, بە یەکێکـی دیـکە لە تایبەتمەنـدییەکانی کەسایەتی ناوبراو دادەنرێت, ئەو کارانەی پێی ڕاسپێردراوە بە شێوەیەکی سـەرکەوتووانە ئەنجـامی داوە (دیدار لەگەڵ حەیدەری, مومتاز, ٢٨ی حـوزەیرانی ٢٠٢١)[4], نـاوبراو لە کۆتـایی چلەکـانی سـەدەی بیسـتەمەوە لە زۆربەی چـالاکیە جەمـاوەری و حزبییەکـانی حزبـی شـیوعی لە شـارەکانی باشـووری کوردستان و شاری بەغدا بەشداری کردووە لە پرسە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان خاوەن هەڵوێستێکی نەگۆڕ بووە, بە تایبەتی ئەو پرسانەی پەیوەندی بە ماف و خەباتی چینایەتی و نەتەوەی کورد هەبووە (الفؤادي,١٧,٢٠١٣), هەروەها ڕۆڵی دیاری لە شۆڕش و ڕاپەڕینە نەتەوەیـی و نیشـتیمانییەکان هەبـووە (عبدالرزاق,24,2012) .

سەبارەت بە سەرەتای کاری ڕێکخسـتنی کەریـم ئەحـمەد, بە گـوێرەی بۆچـوونی دوو لە تـوێژەران بـۆ دوای دامەزراندنی (کۆمەڵەی میللەت) دەگەڕێتەوە, کە کۆمەڵەیەکی مارکسی بووە و لە ساڵی ١٩٤٣ لە شاری هەولێر لە لایەن (ساڵح حەیدەری) (١٩٢٢-٢٠٠١) دامەزراوە, ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کـورد لەو کۆمەڵەیە ئەندام بوونە, هەروەکو ئاماژەی بۆ دەکرێـت کەریـم ئەحمەدیـش یەکێـک لە ئەنـدامانی ئەم کۆمەڵەیە بـووە (ڕەسـول,١٥٠,٢٠٠٥؛ گۆمەتـالی,٥١,٢٠١٩), بەڵام دەربـارەی ئەم بۆچـوونە نـاوبراو لە دیمانەیەکدا دەڵێت: **"مـن لەو کـۆمەڵەیە ئەنـدام نەبـووم, بەڵکـو تەنیـا لە نـزیکەوە ئاگـاداری کـار و چالاکییەکانی کۆمەڵەکە بووم"** (هیوا,١٩٩٠,٧-٨) . هەروەها سەبارەت بە سەرەتای پەیوەنـدی کردنـی کەریم ئەحمەد بە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق, بۆ ساڵی ١٩٤٤ دەگەڕێتەوە, کە لە ڕێگەی (محەمەد سـماوی) ئاشـنایەتی لەگەڵ (مـحەمەد سـالح قەدوری) پەیـدا دەکـات, کە نـاوبراو لە شـاری بەغـدا کرێکارێکی پێستەخۆشکردن بووە, هەموو هەفتەیەک یەکتریان بینیوە و گفتوگۆیان دەربـارەی کـاری ڕێکخستن و بەرنامە و بیروباوەڕی شیوعییەکان و ڕۆڵی حزبی شیوعی کردووە (السورچي,٥٢,٢٠١٧) .

بەمجۆرە سەرەتای هۆشیاری فیکری مارکسی و کاری سیاسی لە چوارچێوەی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراق دەستپێدەکات. بەڵام بە پێی بۆچوونی مێژوونووسان ناوبراو لەو بارەیەوە بە هەڵەداچووە, بۆ نمونە (حنا بطاطو) سەرەتای کاری سیاسی کەریم ئەحمەد لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق بۆ ساڵی ١٩٤٥ دەگەڕێنێتەوە (بطاطو,١٩٩٢,٣٣٨/٢), هەروەها (مالک سیف) ئاماژەی بەوە کردووە کە سەرەتای پەیوەندیکردنی ناوبراو بە حزبی شیوعی عێراق لە ساڵی (١٩٤٦) بووە (سیف,٩,١٩٨٣) .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەرەی دووەم/ هەڵوێستی کەریم ئەحمەد لە کێشە ناوخۆییەکانی حزبی شیوعی ١٩٥٣-١٩٥٧

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن یەکەمین بانگەوازی شیوعی لە عێراق لە لایەن (یوسف سەلمان یوسف-فەهد) (١٩٠١-١٩٤٩) بووە, لە سەرەتادا تەنها ڕێکخستنێک بووە بەناوی (لیژنەی بەربەرەکانیکردنی کۆلۆنیالیزم و وەبەرهێنان), دوای ئەوە لە تەمموزی ١٩٣٥ لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاری گۆڕینی ناوەکە بۆ حزبی شیوعی عێراق دەدرێت و (عاسم فليح) بە سەرۆکی گشتی حزبەکە هەڵدەبژێردرێت, ناوبراو (فەهد) بۆ خوێندن ڕەوانەی شاری مۆسکۆ دەکات, تا لە (قوتابخانەی زەحمەتکێشانی ڕۆژهەڵات) دا بخوێنێت, دوای ئەوەی (فەهد) لە ساڵی ١٩٣٨ دەگەڕێتەوە, سەرکردایەتی حزبەکە وەردەگرێتەوە, لەو کاتەوە حزبەکە بەناوی ئەوەوە دەناسرێت (حاجی,٥٢,١٩٩٧؛ الجبوري,١٩٩٧,١١٠-١١١) .

دوای گەڕانەوەی فەهد جارێکی تر دەست دەکرێت بە دەرکردنی ئۆرگان و دروستکردنەوەی شانە و ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی, بە جۆرێک لە تشرینی دووەمی ١٩٤١ ناوبراو دووبارە کۆمیتەی ناوەندی پێکدەهێنێت و برەو بە چالاکییەکان دەداتەوە (عومەر,٢٠١٩,٥٠), بەڵام ئەم ڕێکخستنە وەک خۆی نامێنێتەوە, بەڵکو بە هۆی کۆمەڵێک بیروڕای جیاوازەوە لێکترازان و دابەشبوون لە ڕیزەکانی سەرهەڵدەداتەوە (هەڵەدنی,٢٠٢٠,٢٤) .

هەر بەپێی ئاماژەی سەرچاوەکان یەکەم کەرتبوون لە ڕیزەکانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق بە سەرۆکایەتی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (زەنون ئەیوب) (١٩٠٨-١٩٨٨) بووە, کە لە تەمموزی ١٩٤٢ ڕوویدا, ئەو کۆمەڵەیە بڵاوکراوەیەکی نهێنی بەناوی (الى الأمام- بۆ پێشەوە) دەردەکەن, دواتریش هەر بەم ناوەوە دەناسرێن, دواتر ژمارەیەک لە کوردە مارکسیەکانیش دەچنە ڕیزەکانی ئەم کۆمەڵەیە (الكاظمي,158,1991؛ شوانی,٢٠٠٨,٢١٠), هەر بۆیە لە ئابی ١٩٤٢ کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی بڕیار دەدات بە دەرکردنی ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە ڕیزەکانیدا (الخرصان,٢٠٠١,٣٢؛ دلزار,٢٠٠٢,١٣), دوای تێپەڕبوونی (٦) مانگ بەسەر جیابوونەوەی کۆمەڵەی (الى الأمام- بۆ پێشەوە), کۆمەڵەیەکی دیکە بە ناوی (الشرارة) بە سەرۆکایەتی (عەبدوڵلا مەسعود ئەلقەرینی) جیابوونەوەی خۆیان لە حزبی شیوعی عێراق ڕادەگەیەنن و لە تشرینی دووەمی ١٩٤٢ کۆمیتەیەکی نوێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکــدەهێنن و ڕۆژنــامەیەک بەنــاوی (الشــرارة الجديــدة) وەک ئۆرگــانی کــۆمەڵەکە دەردەکەن (شـبر,٢٠١٢,١٤٦؛ مصـطفى,١٩٧٨,١٤٤), بەڵام لایەنگرانــی (فەهـد) لە دژیـان دەوەسـتنەوە و کـۆمیتە نوێیەکە هەڵدەوەشێننەوە و لە شوێنی بڵاوکراوەی (الشرارة الجديـدة) بڵاوکراوەیەکـی نـوێ بە نـاوی (القاعـدة) وەک ئۆرگـانی نـوێی حـزب دەردەکەن (القاعـدة,١٩٤٤,عـدد:٣؛ رمـيض,٢٠١٠,٢٠), لە کـانوونی یەکەمی ١٩٤٣ کۆمەڵەیەکی دیکە بە سەرۆکایەتی (داود ئەلسائغ) کە یەکێک بوو لە ئەندامە دیارەکانی سـەرکردایەتی حزبـی شـیوعی, لە ژێـر نـاوی (رابطـة الشـيوعيين العـراقيين) جیـابوونەوەی خۆیـان ڕادەگەیەنــن و بڵاوکراوەیەکــی نهێنــی بەنــاوی (العمــل) بــڵاودەکەنەوە, ئەم کــۆمەڵەیە تــاوەکو دەســتگیرکردنی (داود ئەلســائغ) لە ســاڵی ١٩٤٧ بەردەوام دەبێــت, دواتــر هەڵدەوەشــێتەوە و ئەندامەکانیشی بۆ ناو ڕیزەکانی حزبـی شـیوعی دەگەڕێـنەوە, لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٤٤ کـۆمەڵەیەکی دیکە بەناوی (وحدة النضال-یەکێتی تێکۆشین) بە سەرۆکایەتی (یوسـف هـارون زلخـا) دادەمەزرێـت, ئەم کۆمەڵەیە بڵاوکراوەیەکی نهێنی بەناوی (وحدة النضال-یەکێتی تێکۆشـین) دەردەکەن, هەر بـۆیە بەم ناوەشەوە دەناسرێن (الحفو, البوتاني,٢٠٠٥,٢٨), بەڵام دوای مـاوەیەک فەهـد لەگەڵ ئەنـدامەکانی ئەم کـۆمەڵەیە دەکەوێـتە گفتوگـۆ بەمەبەسـتی کۆتـایی هێنـان بەم دابەش بـوون و جیاکـاریەی کە ڕیزەکانی (حزبی شیوعی عێراق)ی گرتبووەوە, بـۆیە ئەم کـۆمەڵەیە لە نیسـانی ١٩٤٥ ڕێکخسـتنەکانی خۆیــان هەڵدەوەشــێننەوە و ئەنــدامەکانی بــۆ نێــو ڕیزەکــانی حزبــی شــیوعی دەگەڕێــنەوە (جندي,١٩٩٤,٧٦).

جـێگەی ئامـاژەیە بەهـۆی ڕێبـاز و سیاسـەتی ئەو کـاتەی نـاوەخۆی حزبـی شـیوعی عێـراق, کـوردە کۆمۆنیسـتەکانی نـاو (وحـدة النضـال-یەکێتـی تێکۆشـین) بـۆ ڕیزەکـانی حزبـی شـیوعی عێـڕاق نـاگەڕێنەوە, بەڵکـو پـارتێکی نـوێ بە نـاوی (حزبـی شـیوعی لە کوردسـتانی عێـراق) دادەمەزرێـنن و بڵاوکــراوەیەک بەنــاوی (شــۆڕش) بــڵاودەکەنەوە (النعمــان,٢٠٠٧,١٢١), دواتــریش هەر بەو نــاوەوە دەناسـرێن (الطـائي,2013,٦٧), لە دیـارترین ئەنـدامەکانی ئەم کـۆمەڵەیە بریتـی بـوون لە: (سـاڵح حەیـدەری, نـافع یـونس, جەمـال حەیـدەری, ڕەشـید عەبـدولقادر, عەلـی عەبـدوڵلا, عەبدولسـەمەد مـحەمەد), دوای مـاوەیەک ئەو پـارتە بە سـوود وەرگـرتن لەسـەر هەمـان ڕێـڕەوی (پـارتی ڕزگـاری نیشتیمانی) کە ڕووی ئاشکرای حزبی شیوعی عێراق بوو, لە شوباتی ١٩٤٥ بە مەبەستی دامەزراندنی پارتێکی جەماوەری و نەتەوەیـی و پێشـکەوتنخواز کە هەمـوو گـروپە سیاسـیە پێشـکەوتنخوازەکانی

کوردستانی عێراق بگرێتەوە لەسەر بناغەی پارتی شۆرش, پارتێکی نوێ بەناوی (پارتی ڕزگاری کورد) دادەمەزرێنن (فتح الله,١٥,١٩٩٨) . دوای گەڕانەوەی کۆمەڵەی (یەکێتی تێکۆشین), سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی زۆر هەوڵ دەدات تا گروپە جیابووەوەکان بگەڕێنێتەوە ڕیزەکانی حزبی شیوعی, دەتوانرێ بگوترێت بە شێوەیەکی باش لەو کارە سەرکەوتوو دەبێت, چونکە دوای گەڕانەوەی باڵە جوداخوازەکان بۆ ڕیزەکانی حزبی شیوعی, لە ئازاری ١٩٤٥ حزب یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە شاری بەغدا دەبەستێتێت, کە (مەلا شەریف عوسمان) (١٩٢٥-١٩٧٦) وەک کوردێک لە کۆنگرەکەدا بەشدار دەبێت, هەروەها لە کۆنگرەکەدا بڕیاری دامەزراندنی (لقی کوردستانی حزبی شیوعی عێڕاق) دەدرێت, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێکترازان و دابەش بوون لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی بەردەوام دەبێت (موسى,١٩٧٩,٦٩-دواتر) .

سەبارەت بە هەڵوێستی کەریم ئەحمەد, لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم لە نێو کادیرانی پیشکەوتووی حزبی شیوعی جارێکی تر ناکۆکی و نارەزایی سەرهەڵدەداتەوە و دەبێتە هۆی ڕوودانی لێکترازانێکی دیکە لە ڕیزەکانی حزبەکە, کە بە (لێکترازانی گرتووخانە) دەناسرێت (الياسري,67,2008), ناوبراو ڕۆڵ و هەڵوێستی ئاشکرای دەربارەی ئەو لێکترازانە دەبێت, دوای ئەوەی نامەیەک لە ڕێگەی (حەمدیە مستەفا) ی خێزانیەوە بۆ (عەزیز محەمەد) (١٩٢٤-٢٠١٧) لە گرتووخانە دەنێرێت, لە نامەکەدا ئاماژە بە لێکەوتەی خراپ دەکات لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەو هەوڵە جوداخوازیانە, هەروەها داوا لە عەزیز محەمەد دەکات هەوڵی خۆی بدات بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێو ئەندامانی سەرکردایەتی حزب لە نێو گرتووخانە, هەر لە چوارچێوەی هەڵوێستەکانی دژی ئەو لێکترازانە, کەریم ئەحمەد چەند کۆبوونەوەیەک بۆ ئەندامەکانی کۆمیتەکانی حزبی شیوعی عێڕاق لە شارەکانی بەسرە و ناسریە و عەممارە ئەنجام دەدات, لەو کۆبوونەوانەدا باس لە دەرئەنجامە خراپەکانی ئەو لێکترازانانە دەکات کە لە ڕیزەکانی حزبەکە ڕوویاندا بوو (ئەحمەد,٢٠٠٧,١١٧).

ئەگەر سەیری مێژووی حزبی شیوعی عێڕاق بکەین تا ئەو کاتە هەڵوێستێکی جێگیر و ئاشکرای بەرامبەر مافی چارەی خۆ نووسینی گەلی کورد نەبووە, هەر بۆیە دوای ئەوەی (بەهائەددین نوری) (١٩٢٧-٢٠٢٠) لە ساڵی ١٩٥٣ سەرکردایەتی حزب وەردەگرێت, هەڵدەستێت بە دووبارە ڕێکخستنەوەی شانەکانی حزب و بوژانەوەی چالاکییەکان, هەروەها بە مەبەستی گەشەپێدان بە بنەما و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئامانجەکانی حزب, پرۆگرامێکی نوێ بۆ حزبی شیوعی دادەنێت, کە بە (میثاق باسم- پرۆگرامی باسم)[5] دەناسرێت, ئەمەش کاردانەوە لە نێو ئەندامەکانی سەرکردایەتی کۆمیتەی ناوەندی دروست دەکات, بۆیە ژمارەیەک لە ئەندامەکانی کۆمیتەی ناوەندی, لە ئاداری ١٩٥٣ لە ژێر ناوی (حزبی شیوعی عێراق-سەرکردایەتی ناوەند) بە سەرۆکایەتی (جەمال حەیدەری) (١٩٢٦-١٩٦٣) جیابوونەوەی خۆیان لە ڕیزەکانی حزبەکە ڕادەگەیەنن و ڕۆژنامەیەک بە ناوی (رایة الشغیلة-ئاڵای ڕەنجدەران) دەردەکەن و هەر بەم ناوەوەشەوە دەناسرێن (عەلی,٢٠١٩,٧١) .

سەبارەت بە هەڵوێستی کەریم ئەحمەد بەرامبەر پرۆگرامی باسم, هەر لە سەرەتاوە وەک ئەندامێکی کوردی نێو سەرکردایەتی کۆمیتەی ناوەندی لە دانانی پرۆگرامەکە هاوکاری بەهائەددین نوری دەکات, دواتریش پاڵپشتی خۆی بۆ هەنگاوەکانی ئەو دووپاتدەکاتەوە, بە تایبەتی لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق (قادر,٢٠٠٥,٢٠٢) . دوای دەستگیرکردنی بەهائەددین نوری لە ١٣ی نیسانی ١٩٥٣ لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە لە شاری بەغدا, کەریم ئەحمەد لە هەمان مانگدا بۆ شاری بەغدا دەگەڕێتەوە و پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزب دەکات, دواتر بۆ تاوتوێکردنی پیشهاتە سیاسییەکان کۆبوونەوەیەکی بە پەلە بۆ سەرکردایەتی کۆمیتەی ناوەندی ئەنجام دەدات و بەیاننامەیەک بەناوی کۆمیتەی ناوەندی حزب دەردەکات, لە بەیاننامەکەدا داوای ئازادکردنی ئەندامە گیراوەکانی حزبی شیوعی لە حکومەتی عێراق دەکات, هاوکات دوای دەستگیرکردنی بەهائەددین نوری لە هەمان ساڵدا, کەریم ئەحمەد بە بێ ئەوەی کۆنفراس یان کۆنگرەی حزب ببەسترێت, بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی حزب دەبێتە سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندی (العاني,٢٠١٤,١١٣) .

کەریم ئەحمەد لەو ماوەیەی کە وەک سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی کاریکردووە, دوو جار داوا لە کۆمەڵەی (رایة الشغیلة-ئاڵای ڕەنجدەران) دەکات ڕێکخستنەکانی خۆیان هەڵبوەشێننەوە و بۆ ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق بگەڕێنەوە, بەڵام داواکاریەکی پەسندناکرێت (حمیدي,١٩٨٠,١٩٥), دواتریش هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕاپۆرتێک بەناوی (بەرەی خەبات لە دژی داگیردەکاتن و شەڕ), بۆ ئەوەی لە کۆنگرەی حزبە شیوعییەکانی وڵاتانی ئەوروپا پێشکەش بکرێت, کە بڕیار بوو لە نیسانی ١٩٥٤ لە شاری لەندەن ببەسترێت (القیسي,122,2011), دوای ئەوەی ڕاپۆرتەکە لە کۆنگرەکە پێشکەش دەکرێت, بەشداربووانی کۆنگرەکە ستایشی کارو چالاکییەکانی حزبی شیوعی عێراق دەکەن (القیسي,٢٠١٩,٤٨), ئەم ستایش کردنە کاریگەری زۆر لەسەر ئەندامانی

کـۆمەڵەی (رایــة الشــغیلة-ئــاڵای رەنجــدەران) دروســت دەکــات, بــۆیە بڕیــاری هەڵوەشــانەوەی ڕێکخستنەکانی خۆیان دەدەن و بۆ ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق دەگەڕێـنەوە (ئەحـمەد,١٤٥,٢٠٠٧) . بەمجـۆرە هەوڵەکـانی کەریـم ئەحـمەد بەردەوام دەبـن تـا دەگـاتە ئاکـام و ئەو کـۆمەڵەیە لەژێـر کاریگەریەکانی ئەودا دەگەڕێنەوە ناو ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێڕاق .

دوای ئەوەی لە حــوزەیرانی ١٩٥٤ حەمیــد عوســمان لە گرتووخــانەی (نــوگرە ســەلمان) ڕادەکــات, پەیوەندی بە سەرکردایەتی حزبی شیوعی دەکاتەوە (الناصري, القیسي,22,2017؛ دڵزار,١٢٩,٢٠١٩), کەریـم ئەحـمەد سکرتێری ئەو کـاتەی حزبـی شـیوعی بـێ ئەوەی بـۆ بڕیارەکـانی کـۆمیتەی ناوەنـدی بگەڕێــتەوە ئەرکــی ســکرتێری حزبــی ڕادەســتی حەمیــد عوســمان دەکــات (القیســي,١٢٧,٢٠١١؛ بطاطو,٣٤٢/٢,١٩٩2), بەهۆی ئەم کارەیەوە (سەلام عادل) (١٩٢٢-١٩٦٣)ی ئەندامی کـۆمیتەی ناوەنـدی حـزب ڕەخـنە لە نـاوبراو دەگرێـت و بە بڕیـارێکی تـاک لایەنە لە قەڵەم دەدات, هەر بـۆیە لەسـەر ئەم هەڵوێســتەی ســەلام عــادل, حەمیــد عوســمان دەکەوێــتە دژایەتــی کردنــی نــاوبراو و دواتــریش جیابوونەوەی خۆی لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی ڕادەگەیەنێـت (موسـی,٧٣,١٩٧٩؛ ئەحـمەد,١٣٧,٢٠٠٧), جـێگەی ئامـاژەیە کەریـم ئەحـمەد دەربـارەی ڕادەسـتکردنەوەی ئەرکـی سـکرتێری حـزب بە حەمیـد عوسمان بۆچوونی وابووە کە حەمید عوسمان ئەندامێکی لێهـاتووی سـەرکردایەتی حـزی شـیوعیە و کاتێـک لە ئەرکـی بەرپرسـیارەتی حزبـدا دەبێـت ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێڕێـت لە پاراسـتنی یەکڕیـزی و یەکێتی حزب (دیدار لەگەڵ ئەحمەد, کەریم, ٥ی کـانوونی یەکەمـی ٢٠٢٠) . بەڵام دەتـوانین بڵێـین ئەو بۆچوونەی ناوبراو هەڵە بووە, چونکە دواتر حەمید عوسمان دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی نـاکۆکی لە نێــوان ئەنــدامەکانی ســەرکردایەتی کــۆمیتەی ناوەنــدی, ئەمەش وادەکــات لە لایەن ســەرکردایەتی کۆمیتەی ناوەندی لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی دووربخرێتەوە .

کەریم ئەحـمەد دوای ئەوەی لە سـاڵی ١٩٥٥ جـارێکی تـر بەرپرسـیارەتی ڕێکخسـتنەکانی شاری بەغـدا وەردەگـرێتەوە, هەوڵـی زۆر دەدات تـا حەمیـد عوسـمان ڕازی بکـات بـۆ ڕیزەکـانی حزبـی شـیوعی بگەڕێتەوە, بـۆ ئەم مەبەسـتەش لە ٣١ی کـانوونی یەکەمـی ١٩٥٥ لە گەڕەکـی (کەڕادە)ی شاری بەغـدا لەگەڵیـدا کـۆدەبێتەوە, بەڵام کۆبـوونەوەکە بـێ ئەنجامـدەبێت, هاوکـات دوای کۆبـوونەوەکە بەهـۆی ئاشکرابوونی چالاکی و جموجۆڵەکـانی, کەریـم ئەحـمەد دەسـتگیر دەکرێـت و ڕەوانەی گرتووخـانەی بەعقوبە دەکرێت, دواتـر لە ژێـر چـاودێری پـۆلیس بـۆ نـاوچەی بەدرە دوور دەخـرێتەوە, نـاوبراو ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ماوەیەی لە بەدرە دەبێت بە شێوازێکی نهێنی لە چالاکیە حزبیەکان بەردەوام دەبێت, بەڵام دوای ئاشکرابوونی چالاکییەکانی جارێکی دیکە دەستگیر دەکرێتەوە و بۆ گرتووخانەی بەعقوبە دەگوازرێتەوە, تاوەکو بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە بەندیخانە دەمێنێتەوە (ئەحمەد,٢٠٠٧,١٤٤-١٥٠), جێگەی ئاماژەیە بەهۆی چالاکی و جموجۆڵەکانی لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی, بە پێی نوسراوێکی پۆلیسی هەولێر کە لە ساڵی ١٩٥٦ دەرکراوە, کەریم ئەحمەد بە یەکێک لە شیوعیە مەترسیدارەکان ناوبراوە (مديرية شرطة قضاء كويسنجق,ر:س/239, ت:1956/4/30) .

حزبی شیوعی لە ئەیلولی ١٩٥٦ کۆنفرانسی دووەمی خۆی دەبەستێت, لە کۆنفرانسەکەدا یەکگرتنەوەی باڵە جودا خوازەکانی حزب ڕادەگەیەنرێت (حميدي,١٩٨٠,٢٠٤). هەروەها تاڕادەیەک کێشەی لقی حزبی شیوعی لە ناوچەکانی کوردستان چارەسەر دەکرێت, کە ئەندامەکانی داوایان دەکرد کارا بکرێتەوە (عیسی,١٩٩٢,٣٣٥), هەرچەندە لەو کاتەدا کەریم ئەحمەد لە گرتووخانە دەبێت, بەڵام لەو کۆنفرانسەدا وەک ئەندامی سەرکردایەتی کۆمیتەی ناوەندی حزب هەڵدەبژێردرێتەوە (شعبان,25,2019؛ الجبوري,١٩٧٧,١١٧), هەر لەو کاتەدا دوای گفتوگۆی نێوان (حزبی شیوعی عێڕاق, پارتی نیشتیمانی دیموکراتی, حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست, پارتی سەربەخۆیی عێراق) لە ٩ی ئاداری ١٩٥٧ بەرەیەکی یەکگرتوو بە ناوی (بەرەی یەکێتی نیشتیمانی) پێکدەهێنرێت (بادي,٢٠٠٥,١٠٤-١٢٩؛ النعمان,٢٠١٢,٣٨٤). بەڵام پارتە نەتەوەییە عەرەبەکان بە تایبەتی حزبی بەعس ڕازی نەدەبوون کە پارتی دیموکراتی کوردستان بێتە ناو ئەم بەرەیەوە (بۆتانی,١٩٩٨,١٧٧؛ عومەر,٢٠١٩,١٨٨) .

سەبارەت بە هەڵوێستی حزبی شیوعی, هەر لە سەرەتاوە دەکەوێتە هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی پارتەکانی ناو بەرەی یەکێتی نیشتیمانی تاوەکو پارتی دیموکراتی کوردستان بێتە ناو بەرەکە (نوری,٢٠٠٧,٢٤٣), بەڵام پارتەکان ڕەزامەندی نیشان نادەن, ئەمەش وادەکات سەرکردایەتی لقی کوردستانی حزبی شیوعی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بکەوێتە دانوستاندن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دوو قۆڵی بە مەبەستی یەکگرتنی شیوعییە کوردەکان و دیموکراتەکان لەیەک ڕێکخستن, ئەم کارەش نارەزایەتی سەرکردایەتی حزبی شیوعی لێدەکەوێتەوە و ڕەخنە لە سەرکردایەتی لقی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق دەگرن, تەنانەت دەبێتە هۆی دروست بوونی ناکۆکی لەنێوان هەردوو سەرکردایەتیەکە, هەر بۆیە لە حوزەیرانی ١٩٥٧ لقی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە و ژمارەیەک لە ئەندامەکانی دەچنە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان (قادر,٢٠٠٥,٨٨؛

نوری,٢٤٣,٢٠٠٧) . جێگەی ئاماژەیە بارودۆخی ناوەخۆی حزبی شیوعی وەک خۆی دەمێنێتەوە تاوەکو هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ و ڕووخانی ڕژێمی پادشایەتی کە دەبێتە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی عێراق و چالاکییەکانی حزبی ناوبراو .

## تەوەرەی سێیەم/ هەڵوێستی سیاسی کەریم ئەحمەد بەرامبەر پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق ١٩٥٨-١٩٦٢

سەرکەوتنی شۆرشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨, گۆڕانکارییەکی مێژوویی لە سیستەمی حوکمڕانی لە عێڕاق دروستکرد, چونکە کۆتایی بە ڕژێمی پادشایەتی هێنا و سیستەمێکی کۆماری پێکهات و دەستورێکی نوێ بۆ وڵات دانرا, کە لە ماددەی سێیەمی دەستوورەکە ئاماژە بە هاوبەشی کورد و عەرەب لە ئەرک و مافەکان لە عێراقدا کرابوو (أعیان,٢٠١٣,١٥٠-١٥١؛ مایی,١٩٩٥,١٩) . جێگەی ئاماژەیە حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە سەرکەوتنی شۆرشی ١٤ی تەمموز و ڕووخانی ڕژێمی پادشایەتی هەبوو (البوتاني,٢٠٠٨,١٨٥؛ حسێن,٢٠١٣,٤٦-٦٤), تەنانەت حزبی شیوعی پاڵپشتی (عبدولکەریم قاسم) (١٩١٤-١٩٦٣) یان دەکرد و دواتریش لە پێکهێنانی حکومەتی نوێ بەشداریان کرد (القیسي,٢٠١٤,٣١؛ الجباري,٢٠٠٢,٤٣-٤٥) .

سەبارەت بە هەڵوێستی کەریم ئەحمەد, هەرچەندە لەکاتی ڕوودانی شۆڕشەکە لە بەندیخانە بوو, بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕش ڕاستەوخۆ ئازاد دەبێت و بۆ شاری بەغدا دەگەڕێتەوە, لە یەکەم هەنگاویدا پاڵپشتی خۆی بۆ شۆڕشەکە ڕادەگەیەنێت و شان بە شانی جەماوەری شاری بەغدا بەشداری خۆپیشاندانەکان بۆ پاڵپشتیکردنی شۆڕشەکە دەکات و داوا لە ئەندامەکانی حزبی شیوعی دەکات بە هەموو توانایانەوە بەرگری و پاڵپشتی شۆڕشەکە بکەن, هەروەها ناوبراو لە بارەی شۆڕشەکە ئاماژە بەوە دەکات کە شۆرشی ١٤ی تەمموز شۆڕشێکی نیشتیمانی ڕزگاریخواز بوو و قۆناغێکی مێژوویی نوێی لە خەباتی گەلی عێراق لە پێناو سەربەخۆیی و سەروەری نیشتیمانی و ئاڵو گۆڕی دیموکراسیدا دەستپێکرد (ئەحمەد,٢٠٠٧,١٥٣) .

کەریم ئەحمەد لەو ماوەی کە لە شاری بەغدا دەمێنێتەوە چەند جارێک لەگەڵ (سەلام عادل)ی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی کۆدەبێتەوە, لە کۆبوونەوەکاندا پێشنیار دەکات کە پەلە نەکرێت لە گەڕانەوەی ئەندامە گیراوەکانی ناو بەندیخانە دوای ئازاد بوونیان بۆ سەرکردایەتی کۆمیتەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوەندی, بەڵکو پێویستە بۆ ماوەیەک بخرێنە ژێر چاودێریەوە, ئەو پێشنیارەشی لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو, بۆ ئەوەی ئەو ململانێیەی کە لە بەندیخانە لە نێوان ئەندامەکانی حزبی شیوعی سەریهەڵدا بوو بۆ سەرکردایەتی کۆمیتەی ناوەندی نەگوازرێتەوە, تا دوای ماوەیەک ئاشت دەبنەوە و ئەو ناکۆکیەی نێوانیان کۆتایی پێدێت, بەڵام ئەو پێشنیارانەی لە لایەن سەلام عادل ڕەتکدەکرێتەوە, لەبەر ئەوەی ناوبراو وابیریدەکردەوە ئەوانە کەسی دیاری ناو حزبی شیوعین و بە هاتنیان بۆ کۆمیتەی ناوەندی, سەرکردایەتی کۆمیتەکە چالاکتر و پتەو دەبێت (ئەحمەد,٢٠٠٧,١٦١-١٦٢) . لێرەدا دەکرێت بۆچوونی کەریم ئەحمەد بە ڕاست و دروستتر دابنرێت, چونکە دواتر بەهۆی وەرگرتنی ئەندامە ئازادکراوەکان لە کۆمیتەی ناوەندی, ناکۆکی و ململانێ دەکەوێتە نێوان ئەندامەکانی کۆمیتەکە و هەمان ئەو کەسانەی لە بەندیخانە ئازادکرابوون لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی جیا دەبنەوە .

کەریم ئەحمەد دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک لە شاری بەغدا دەمێنێتەوە, لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی ئەرکی سەرکردایەتی کردنی ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان پێدەسپێردرێت, بۆیە بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە, لە میانەی کار و چالاکییەکانی لە کوردستان, لە ئابی ١٩٥٨ سەردانی شاری کۆیەی دەکات و لەگەڵ چەند ئەندامێکی حزب کۆدەبێتەوە, لە کۆبوونەوەکەدا باس لە گرنگی سەرکەوتنی شۆرشی ١٤ی تەمموز و پێشهاتە سیاسییەکان لە قۆناغەکانی داهاتوودا دەکات (رحمن,٢٠١٣,٤١), هەروەها پەیوەندی بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات, بە مەبەستنی هەماهەنگی و پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش, تا لەو ڕێگەیەوە لە پێناو دەستبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسی خەباتیان یەکبخەن, جێگەی ئاماژەیە لە ئاکامی ئەو هەوڵانەی ناوبراودا, هەردوو حزب لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨ ڕێککەوتنێکی بەرنامەی کاری هاوبەش ئیمزا دەکەن (مام خول,٢٠١٣,١٩١), کە لە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنامەکە هاتبوو: داننان بە مافەکانی گەلی کورد, وەک مافێکی ڕەوا بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنوسین (حزب الشيوعي العراقي,١٩٨٥,٦٨؛ الحيدري,٢٠٠٤,٥-٦) .

دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک بەسەر سەرکەوتنی شۆڕش ناکۆکی و ململانێی سیاسی دەکەوێتە نێوان لایەنەکانی بزوتنەوەی نیشتیمانی, بەجۆرێک هێزە نەتەوەیی و بەعسییەکان پشتگیری لە (عەبدولسەلام عارف) (١٩٢٩-١٩٦٦) دەکەن و هێزە دیموکراتخوازەکان و شیوعیەکانیش پشتگیری لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(عەبدولکەریم قاسم) (١٩١٤-١٩٦٣) دەکەن (علاوي,٢٠١٥,٣٦٠؛ السورچي,٢٠١٧,٤٩), بەڵام سەرئەنجامی ناکۆکیەکان ناوبراو بە هاوکاری شیوعییەکان بەسەر عەبدولسەلام عارف سەردەکەوێت و لە دەسەڵات دووری دەخاتەوە (محمد,٢٠٠٦,٣٥؛ الحمداني,٢٠١٢,١٢٨-١٣٤).

بەردەوامبوونی ململانێ و دژایەتی بەرەی نیشتیمانی لە عێراق ڕێگە خۆشدەکات بۆ سەرهەڵدانی چەند جولانەوەیەک, بۆ نمونە لە ٨ی ئازاری ١٩٥٩ جوڵانەوەیەک بە ناوی (جوڵانەوەی شەواف) بە سەرۆکایەتی (عەبدولوەهاب شەواف) (١٩١٦-١٩٥٩) لە شاری موسڵ سەرهەڵدەدات (المحامي,٢٠٠٢,١٤٩-١٦٣؛ مخموري,٢٠١١,٨٧) کە شیوعیەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە دامرکاندنەوەی ئەم جوڵانەوەیە دەبینن (سنجاري,١٩٩٧,٣٨-٣٩؛ الكتاب الأسود,١٩٦٣,٥٨؛ کریم,٢٠٠٥,٢٤٨), سەبارەت بە هەڵوێستی کەریم ئەحمەد لەمەڕ ئەم جوڵانەوەیە, ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێت: **"دەبێت پشتگیری لە کۆمار و دەستکەوتەکانی شۆڕش بکەین و دژی هەر کارێکی تێکدەرانە بین دژی حکومەت, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت وا لە عەبدولکەریم قاسم بکرێت, کە پشت بە هێزی جەماوەر ببەستێتت و هاوپەیمانییەکی سیاسی نوێ لەگەڵ هێزە دیموکراسیەکان پێکبهێنێت"** (ئەحمەد,٢٠٠٧,١٧٠) .

دوای ماوەیەک لە ئایاری ١٩٥٩ جوڵانەوەیەکی دیکە دژی حکومەتی قاسم لە ناوچەی برادۆست بە سەرکردایەتی (شێخ ڕەشیدی لۆلان) سەرهەڵدەدات, ئەرکی دامرکاندنەوەی ئەم یاخیبوونە دەکەوێتە ئەستۆی (مەلا مستەفا بارزانی) (١٩٠٣-١٩٧٩) کە ئەو کاتە پەیوەندی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم باش بووە (مستەفا,٢٠٠٧,١٤٤), هاوکات هێزێکی (بەرگری میللی)[6] بۆ هەمان مەبەست بە سەرۆکایەتی عەزیز محەمەد بۆ ناوچەکە دەنێردرێت, ناردنی ئەم هێزەش نارەزایەتی لە لای بارزانیەکان لێدەکەوێتەوە (بارزانی,٢٠١١,٥٦), هەر بۆیە شاندێک بە سەرۆکایەتی کەریم ئەحمەد و (عومەر دەبابە) (١٩٢٣-١٩٩٢) سەردانی مەلا مستەفا دەکەن (خۆشناو,٢٠١٢,١٦٣), لە سەردانەکەدا بێ ئاگایی خۆیان لە هەبوونی هێزی بارزانیەکان لە ناوچەکە بۆ دامرکاندنەوەی جوڵانەوەکە دووپات دەکەنەوە, کەریم ئەحمەد لەو بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات کە بە بارزانییان گووتووە ئەگەر بیانزانیبوایە ئەوان ئەرکی دامرکاندنەوەی جوڵانەوەکە دەگرنە ئەستۆ, ئەوا هێزەکەی بەرگری میلیشمان دەخستە ژێر سەرپەرشتی ئەوان (ئەحمەد,٢٠٠٧,١٧٩-١٨٢) .

دوای دامرکاندنەوەی جوڵانەوەی شێخ ڕەشیدی لۆلان, لە کاتی سەردانیکردنی (مەلا مستەفا بارزانی) بۆ شاری بەغدا, لە ناوەڕاستی ئایاری ١٩٥٩ کەریم ئەحمەد لەگەڵ (جەمال حەیدەری) جارێکی دیکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەردانی (بارزانی)یان دەکەنەوە و لە گەڵیدا کۆدەبنەوە, بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ڕووداوەکە و هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و بە هێزکردنی پەیوەندیەکانی نێوان حزبی شیوعی عێراق و پارتی (ئەحمەد,٢٠٠٧,١٧٩-١٨٢), کۆبوونەوەکە لە نێوان کەریم ئەحمەد و جەمال حەیدەری و مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەد (١٨٩٢-١٩٦٩) برا گەورەی مەلا مستەفا ئەنجام دەدرێت, کەریم ئەحمەد بەمجۆرە باس لە کۆبوونەوەکە دەکات: **"جەمال حەیدەری هەندێ مەسەلەی بە توندی و تورەیی باس کرد, ئینجا شێخ ئەحمەد لە منی پرسی چی دەڵێیت لەسەر ئەوەی جەمال حەیدەری باسیدەکات؟ وەڵامی پرسیارەکەیم نەدایەوە و گووتم: ئێمە نەماندەزانی مەلا مستەفا هێرشی دژی یاخیبوونەکەی شێخ ڕەشیدی لۆلان سەرکردایەتی دەکات, ئەگەر ئەوەمان زانیبوایە ئەوا هێزەکەیان دەخستە ژێر سەرکردایەتی ئەو ئەگەر پێویست بوایە, ئەوەشی بارزانی سکاڵای لێدەکات ئێمە ئامادەین چارەسەی بکەین, هیچ شتێکی ئاڵۆزی وا نیە چارەسەرکردنی گرانبێ, بەڵکو هەموو مەسەلەکان ئاسانن"** (ئەحمەد,٢٠٠٧,١٨٣) .

دەکرێ بگوترێت کەریم ئەحمەد هەموو هەوڵێکی داوە بۆ پاراستنی یەکڕیزی نیشتیمانی و نەتەوەیی لە عێراق و کوردستاندا, هەروەها پاڵپشتی لەناوبردنی جوڵانەوە و یاخیبوونەکانی دژی کۆمار کردووە, لە پێناو پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز .

دوا بەدوای ئەم جوڵانەوانە چەند ڕووداوێکی گرنگ لە عێراق ڕوو دەدەن, وەک پێکدادانە خوێناویەکەی تەمموزی ١٩٥٩ لەنێوان شیوعیەکان و تورکمانەکان لە شاری کەرکوک, کە لە یادی ساڵێک تێپەڕ بوون بەسەر شۆڕشی ١٤ی تەمموز ڕوویدا (البوتاني,٢٠٠٤,٢٥-٣٧؛ حمادي,50,1959), کە دوای ئەو ڕووداوە عەبدولکەریم قاسم لە کلێسای (مار شەمعون) سەر بە مەزهەبی کاسۆلیکی مەسیحی لە شاری بەغدا وتارێک پێشکەش دەکات, لە وتارەکەدا هێرشی توند دەکاتە سەر شیوعیەکان و تاوانباریان دەکات, کەریم ئەحمەد دەربارەی ئەو وتارەی عەبدولکەریم قاسم دەڵێت: **"وتارەکەی قاسم لە کلێسای مار شەمعون دیاریەک بوو پێشکەش بە ناسیۆنالیستە عەرەب و شۆفێنیەکان کرا و ڕێگەی خۆشکرد کە دەسەڵات بگرنە دەست"** (خۆشناو,٢٠١٢,١٨٢؛ تاڵەبانی,٢٠٠٤,٦٤) .

دوای ڕووداوەکەی شاری کەرکوک, عەبدولکەریم قاسم هەڵوێستی بەرامبەر شیوعیەکان دەگۆڕێت و دەکەوێتە دژایەتیکردنیان (طوبان,٢٠١٢,٢٠٨), بە تایبەتی دوای ئەوەی حزبی شیوعی داوای بەشداری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردنی ڕاستەقینە لە حکومەتەکەی ناوبراودا دەکات (حسين,٢٠٠٣,١١٧؛ دكلة,٢٠٠٠,٥٩-٦١), ئەمەش دەبێتە هۆی ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی چالاکیە ئاشکرایەکانی حزبی شیوعی و دەستگیرکردنی ئەندامەکانی ئەو حزبە (بادي,٢٠٠٥,١٣٨), هەروەها عەبدولکەریم قاسم بە مەبەستی تێکدانی ڕیزەکانی حزبی شیوعی پشتگیری دەستەیەکی دەرچوو لەناو حزبەکە بە سەرۆکایەتی (داود ئەلسائیغ) دەکات و مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرایان پێدەدات (ميهۆ,٢٠٠٩,٦٥) .
سەبارەت بە هەڵوێستی کەریم ئەحمەد, لە بەرامبەر ئەو کارانەی کە عەبدولکەریم قاسم دژی شیوعیەکان ئەنجامی دەدا, داوای کۆبوونەوەیەکی بە پەلە لە کۆمیتەی ناوەندی حزب دەکات, بەڵام سەرکردایەتی حزب گوێ بە داواکەی نادات, بۆیە ناوبراو دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە بەرپرسیارەتی حزب ڕادەگەیەنێت, لە بەرامبەر ئەم کردارەشی, سەرکردایەتی حزب بۆ ماوەی (٢) مانگ ئەندامیەتی لە کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەپەسێرێت و وەک سزایەک ڕەوانەی شاری موسڵ دەکرێت بە مەبەستنی ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوی حزبی شیوعی لە شارەکە (ئەحمەد,٢٠٠٧,١٦٩) .
سەرەڕای سیاسەتی داپلۆسین و گرتنی ئەندامەکانی و قەدەغەکردنی چالاکییەکانی حزبی شیوعی لە لایەن عەبدولکەریم قاسم, لەو ماوەیەدا کێشەیەک لە نێوان حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان سەرهەڵدەدات, هۆکاری دروست بوونی ئەو کێشەیەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە حزبی شیوعی داوای چاکسازی زەوی لە باشووری کوردستان دەکرد و (پارتی)یش پشتگیری دەرەبەگەکانی دەکرد, بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٥٩, عومەر دەبابە و کەریم ئەحمەد وەک نوێنەری هەردوو حزب لە شاری کەرکوک کۆبوونەوەیەک ڕێکدەخەن, لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار دەدرێت لە ڕێگەی پێکهێنانی لیژنەیەکەوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت, بەمجۆرە کێشەکە چارەسەر دەکرێت و ناکۆکی نێوان هەردوو حزب کۆتایی پێدێت (بۆتاني,١٩٩٨,٣٠٧), هەر لە هەمان مانگیشدا حزبی شیوعی لەگەڵ باڵی چەپی پارتی نیشتیمانی دیموکراتی و باڵی چەپی پارتی دیموکراتی کوردستان دەچێتە ناو بەرەیەکی نوێ بە ناوی (بەرەی نوێی نیشتیمانی دیموکراتی) (أمين,١٩٩٢,٦٢-٦٣), دواتریش بەیاننامەیەکی هاوبەش لە لایەن هەرسێ پارتەکە بڵاودەکرێتەوە, لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بە دیموکراتیەت و ئازادی کارکردنی پارتە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان دەکرێت, جێگەی ئاماژەیە کەریم ئەحمەد وەک ئەندامی حزبی شیوعی لە دانانی ناوەڕۆکی بەیاننامەکە بەشدار دەبێت (دان,٢٠١٢,٢٧٥؛ الحمداني,٢٠١٢,٢٣٧) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حزبی شیوعی عێراق لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٦٠ لە ڕێگەی کەریم ئەحمەد و چەند ئەندامێکی تری حزب داوای مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرا لە وەزارەتی ناوەخۆی عێراق دەکات (یوسف, خالد,٣٧١/٢,٢٠٠٤؛ الزبيـدي,١٩٨١,٢٣٦-٢٣٧), هاوکـات (داود ئەلسـائيغ) کە بـاڵی جيـابووەوە بـوو لە حزبـی شـيوعی و لایەنگری عەبدولکەریم قاسم بوو بە هەمان شێوە داوای مۆڵەتی دامەزراندنی حزبێک بەناوی (حزبی شیوعی عێراق) دەکات, بەڵام وەزارەتی ناوەخۆ بە بیانوی ئەوەی نابێ لە عێراق دوو حزب بەیەک ناو هەبێت داواکەی حزبی شیوعی ڕەتدەکاتەوە (البوتاني,٢٠١٠,٢٤) .

بەردەوامبوونی عەبدولکەریم قاسم لەسەر سیاسەتە تاکڕەویەکەی بە تایبەتی دژایەتی کردنی بەرەی دیموکراتخوازەکان و نەتەوەخوازەکان دەبێتە هۆی تێکچوونی بـارودۆخی وڵات, لە لایەکـی دیـکەوە ناوبراو لەگەڵ سـەرکردایەتی کـورد بە تـايبەتی لەگەڵ پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان پەیوەنـدیەکانی بەرەو خراپـی دەڕوات, بەجۆرێـک هەردوولا لە ئۆرگـان و بڵاوکراوەکـانی خۆیـان هێرشـیان دەکـردە سەریەکتر (البوتـاني,٢٠٠٨,٢٨٤؛ شـميدت,٢٠٠٩,٤٤٧), لە هەمـان کاتـدا دژی یاسـاکانی چـاککردنی زەوی بەشـێک لە دەرەبەگەکـانی کوردسـتان ئەم دەرفەتە بـۆ یـاخیبوون دژی حکـومەتی قاسـم دەقـۆزنەوە (بۆتانی,١٩٩٨,٣٠٦-٣٠٧؛ البلداوي,٢٠١٢,٥٧-٥٨), ئەمانە و چەند هۆکارێکی دیکە دەبنە پـاڵنەرێکی بەهێـز بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ دژی حکومەتەکەی قاسم (بارزانی,٢٠٠٤,٧٠/٣) .

سـەبارەت بە هەڵوێسـتی حزبـی شـیوعی لە سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ئەیلولـدا, لە سـەرەتادا بـۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە ڕۆڵێکی نێوەندگیری دەگێڕێـت (عقـراوي,٢٠٠٥,١٥٠؛ الحمـداني,٢٠١٢,٢٣٩), لەگەڵ بەرپـابوونی شۆڕشــەکەش هەڵوێســتێکی ڕوونــی نابێــت و ئەو شۆڕشــەی بە یــاخیبوونی کوردەکان دژی حکومەتی عەبدولکەریم قاسـم دادەنێـت (بۆتـانی,٢٠٠٥,١٩٣؛ خۆشـناو,٢٠١٢,٢٩٦). بەڵام دوای ئەوەی ئامانجەکانی شۆڕشەکەی بۆ ڕوون دەبێتەوە هەڵوێستی دەگۆڕێـت و دژايەتـی خـۆی بـۆ هێرشەکانی حکومەتی قاسم بـۆ سـەر باشـووری کوردسـتان دەردەبڕێـت (الانهيـار,١٩٨٥,٨٣) . کەریـم ئەحمەد لەو بارەیەوە دەڵێت: **"هەرچەنـدە بـارزانی ڕێـگەی نەدەدا شۆڕشـەکە دروشـمی چەپـڕەوی هەڵگرێ, بەڵام هەستی بە ڕۆڵی حزبی شیوعی کردبوو و هەڵویـستێکی شۆڕشـگێڕانەی نیشـاندا و حزبی شیوعیش بەشداری شۆڕشەکەی کرد"** (سەفین,١٩٨٦,ژمـارە: ١٥), هاوکـات نـاوبراو بـاس لەوە دەکـات کە مەلا مستەفا بـارزانی تێڕوانینـی بەرامبەر بە بەشـداریکردنی حزبـی شـیوعی لە شۆڕشـی کـورددا دەسـتکەوتێکی گەورە و گرنـگ بـوو بـۆ شۆڕشـەکە و مەسـەلەی کـورد, لەبەر ئەوەی هەسـتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەتەوەپەرستی عەرەبەکانی دامرکاندەوە کە بۆچوونیان وابوو ئەو شۆڕشە بۆ پارچە کردنی عێراقە, هەروەها حزبی شیوعی بوو بە ڕێگایەک بۆ ئاشنا کردنی پرسی کورد بە جیهان (دیدار لەگەڵ ئەحمەد, کەریم, ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠), بۆیە حزبی شیوعی لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە ئایاری ١٩٦٢ لە ڕاپۆرتێکدا بەناونیشانی (سیاسەت و ڕێگامان بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەی کورد لە عێراقدا چارەسەرێکی دادپەروەرانەیە) داوا لە عەبدولکەریم قاسم دەکات هێرشەکانی بۆ سەر باشووری کوردستان بوەستێنێت و دۆزی کورد بە ئاشتیانە چارەسەر بکات (بادي,١٤٨,٢٠٠٥) .

سەبارەت بە هەڵوێستی کەریم ئەحمەد کە ئەوکاتە لە شاری کەرکوک بەرپرسی کۆمیتەی حزب بوو, هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک و ئاراستەی کۆمیتەی ناوەندی دەکات لە شاری بەغدا, لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە دوا پەرەسەندنە سیاسییەکان دەکات و داوا لە سەرکردایەتی کۆمیتەی ناوەندی دەکات بۆ دیاریکردنی هەڵوێستی حزبی شیوعی لە ئەگەری هێرشکردنە سەر کوردستان لە لایەن حکومەتی قاسم و سەرهەڵدانی شۆرشێکی نەتەوەیی ڕزگاریخواز لە لایەن کوردەکانەوە کۆبوونەوەیەکی بەپەلە ئەنجام بدات (ئەحمەد,٦,٢٠٠٧), دوای گەیشتنی ڕاپۆرتەکە, زەکی خەیری کە ئەو کاتە لە شوێنی سەلام عادل سەرکردایەتی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی دەکرد, چونکە سەلام عادل لە شاری مۆسکۆ بوو, کەریم ئەحمەد بۆ شاری بەغدا بانگ دەکات, ناوبراو دوای گەیشتنی بە شاری بەغدا, بەشداری لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەکات, لە کۆبوونەوەکەدا ڕاپۆرتێک پێشکەش دەکات, لە ڕاپۆرتەکەدا داوا لە سەرکردایەتی کۆمیتەی ناوەندی دەکات کە پێویستە لە ڕێگەی چالاکی جەماوەری و خۆپیشاندان و سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆکردنەوەی ئیمزا, دژی هێرشی عەبدولکەریم قاسم بۆ سەر کوردستان بوەستنەوە, بەڵام زەکی خەیری بەرپەچی ڕاپۆرتەکە دەداتەوە, بە بیانوی ئەوەی ئەگەر حکومەت هێرش بکاتە سەر بارەگای حزب و ڕاپۆرتەکە ببینێت, بە پلانگێڕی دژی حکومەت لە قەڵەمی دەدات, بۆیە کەریم ئەحمەد هەڵدەستێت بە لەناوبردنی ڕاپۆرتەکە, دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکەش لە ئایاری ١٩٦٢ بۆ شاری هەولێر دەگەڕێتەوە (ئەحمەد,١٩٣,٢٠٠٧-١٩٤) .

دوای گەڕانەوەی بۆ شاری هەولێر, لە ڕاگەیێنراوێکدا پاڵپشتی خۆی بۆ شۆڕشی ئەیلول دەردەبڕێت و داوا لە سەرکردایەتی کۆمیتەی ناوەندی دەکات بچنە پاڵ شۆڕشەکە (ئەحمەد,١٩٣,٢٠٠٧؛ البصري,٢١٦,٢٠٠٦), هەروەها بەرامبەر هێرشەکانی حکومەتی قاسم بۆ سەر کوردستان دەست بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆکردنەوەی ئیمزا دەکات و نامەیەک بۆ (سەلام عادل)ی سکرتێری حزب لە شاری مۆسکۆ دەنێرێت و داوای لێدەکات لە ڕێگەی کۆمیتەی ناوەندی فشار بخەنە سەر حکومەتی عێراقی و پەیوەندی بە شیوعیەکانی جیهان بکات, هەر بۆیە سەلام عادل لە ئایاری هەمان ساڵ پەیامێک ئاراستەی شیوعیەکانی جیهان دەکات تا فشار بخەنە سەر عەبدولکەریم قاسم بۆ ڕاگرتنی هێرشەکانی بۆ سەر باشووری کوردستان (خۆشناو,٦٧,٢٠١٦؛ مەجید,١٤١,٢٠١٢), لە ژێر ئەو فشارانە عەبدولکەریم قاسم لە ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٦٢ هێرشەکانی دەوەستێنێت و لێبووردنی گشتی ڕادەگەیەنێت (العاني, الحربي,٣٣٠/٥,٢٠٠٥) .

بەمشێوەیە بۆمان دەردەکەوێت لە سەرەتادا هەڵوێستی حزبی شیوعی عێراق بەرامبەر شۆڕشی ئەیلول هەلوێستێکی نەرێنی بووە, دواتر گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە و هەڵوێستێکی نێوەندگیری وەرگرتووە, بەڵام کەریم ئەحمەد وەک ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی ئەم حزبە هەر چەندە هەر لە سەرەتای شۆڕشەکەوە هەڵوێستێکی جێگیری هەبووە و بە درێژایی قۆناغەکان پاڵپشتی شۆڕشەکەی کردووە و دژی هێرشی حکومەتی عێراقی بۆ سەر کوردستان بووە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ڕووخانی حکومەتی قاسم نەبووە, چونکە بۆچوونی وابووە کە ئەو پەرەسەندنە سیاسیانە نەخشەیەکی پلانگێڕیە لە لایەن داگیرکەران و هێزە کۆنەپەرستەکان و دەرەبەگەکان دژی حکومەتەکەی قاسم و لەناوبردنی دەستکەوتەکانی شۆڕش, هەروەها وروژاندنی دەمارگیری شۆڤێنیە لە نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب .

## دەرئەنجام

1- کەریم ئەحمەد لە سەرەتای تەمەنی لاوێتیەوە مەسەلەی نەتەوەیی لە لای گەڵاڵە بووە و بیری سیاسی نەتەوەیی کاریگەری لەسەر هەبووە, بەڵام دواتر لە چوارچێوەی جیاوازی چینانەیتی و بیری مارکسیزم تێکەڵ بە ژیانی سیاسی بووە و لەگەڵ مەسەلەی نەتەوەیی ئاوێتەی کردووە .

2- هەرچەندە حزب فاکتەرێکە بۆ دەرکەوتن و پێگەیاندنی هەر کەسێک کە لە ڕیزەکانی حزبدا کار بکات, بەڵام کەریم ئەحمەد یەکێک بووە لەو کەسایەتیانەی تەکانێکی گەورەی بە ناوبانگی حزبی شیوعی عێراق داوە بە تایبەتی لە باشووری کوردستاندا .

3- ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی حزبی شیوعی عێراق و کۆتایی هێنان بەو لێکترازانانەی کە لەریزەکانی حزبەکە ڕوویداوە .

4- کەسایەتییەکی بوێر و لێهاتوو بووە و باوەڕی بە خەباتی جەماوەری هەبووە .

5- کەریم ئەحمەد لە چوارچێوەی حزبی شیوعی عێراق و وەک ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حزبە ڕۆڵێکی دیاری لە بزوتنەوەی چەکداری و پاڵپشتی کردنی شۆڕشی کوردستان .

6- لە چوارچێوەی پرسە نیشتیمانی و نەتەوەییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە بە تایبەتی لە بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ پارتە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان لەناوەخۆی عێراقدا لە لایەک و لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی بەشەکانی تری کوردستان و وڵاتانی دەرەوە لە لایەکی دیکەوە .

7- لە زۆربەی قۆناغەکانی خەباتی سیاسیدا هەڵوێستێکی نەگۆڕی هەبووە, لە پێناو ئاشتی و دوورکەوتنەوە لە شەڕ, تەنانەت لەکاتی بەهێزی حزبی شیوعی هەمان هەڵوێستی نواندووە .

پەراوێزەکان

[1] - ئەحمەد, کامەران کەریم: کوڕی بچووکی کەریم ئەحمەدە, لە ٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٢ لە گوندی سوسێی سەر بە قەزای کۆیە لە دایکبووە, لە ساڵی ١٩٨٩ لە مۆسکۆ بڕوانامەی ماستەری لە بواری فەلسەفە بەدەست هێناوە, خێزاندارە و ئێستا لە وڵاتی بەریتانیا نیشتەجێیە ( دیدار لەگەڵ ئەحمەد, کامەران کەریم,٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠) .

[2] - مامۆستا ڕەوەند: تاهیر کەریم عەلی ناسراو بە (مامۆستا ڕەوەند), لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری هەولێر لە دایکبووە, لە ساڵانی (١٩٦٢-١٩٦٦) قۆناغی سەرەتایی ناوەندی لە شاری هەولێر تەواوکردووە, لە ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق کردووە, لە ساڵی ١٩٦٣ وەک ئەندامێکی حزبی شیوعی عێراق دژی بەعسیەکان بەشداری خۆپیشاندانەکانی شاری هەولێری کردووە, دواتر لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامەکانی حزبی شیوعی پەیوەندی بە شۆڕشگێڕانی کورد کردووە, لە ساڵی ١٩٦٨ خانەی مامۆستایانی هەولێری تەواوکردووە, لە ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی سێلکێ لەسەر سنووری تورکیا وەک مامۆستا دامەزراوە, لە ساڵی ١٩٧٠ بووە بە ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان, لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ساڵی ٢٠٠٨ خانەنشین کراوە, لە ئێستادا لە شاری هەولێر نیشتەجێیە (دیدار لەگەڵ مامۆستا ڕەوەند, ٥ی نیسانی٢٠٢١) .

3 - بەڕانەتی, چەتۆ: فەرهاد محەمەد ڕەسول ناسراو بە (چەتۆ بەڕانەتی), لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری هەولێر لە دایکبووە , خوێندنی ناوەندی لەم شارە تەواوکردووە, لە ساڵی ١٩٨٤ بووە بە پیشمەرگە لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق, لە ساڵی ١٩٩٢ بووە بە ئەندامی مەحەللی هەولێری حزبی شیوعی, لە ساڵی ١٩٩٣ بووە بە ئامر بەتالیۆنی (٢١)ی بەڕانەتی و ئامر فەوجی لیوای (٥) لە سوپای یەکگرتووی کوردستان, دواتر ڕیزەکانی حزبی شیوعی جێهێشتووە و بووە بە بەرپرسی ڕێکخستنی سەربازی لە (پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان), دوای هەڵوەشانەوەی پارتەکە پەیوەندی بە ڕیزەکانی (بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان) کردووە و بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی, لە ئێستادا بە پلەی ڕائید خانەنشینی سەربازییە و وەک چالاکوانێکی مەدەنی لە شاری هەولێر کاردەکات . (دیدار لەگەڵ بەڕانەتی, چەتۆ,٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠) .

4 - حەیدەری, مومتاز: لە ساڵی ١٩٣٨ لە گەڕەکی عارەبان لە شاری هەولێر لە دایکبووە, لە ساڵی ١٩٤٥ لە قوتابخانەی (أربيل الثانية) دەستی بەخوێندن کردووە, لە ساڵی ١٩٤٩ بە هۆی نالەباری بارودۆخی خێزانەکەی لە خوێندن دابڕاوە, لە ساڵی ١٩٥٥ گەڕاوەتەوە بۆ خوێندن و تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە, لە ساڵی ١٩٥٧ چووەتە ڕیزەکانی پارتی, لە ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق کردووە, لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٩ وازی لە کاری حزبایەتی هێناوە, چەندین وتارو نوسینی لە بوارە جیاجیاکان لە ڕۆژنامەو گۆڤارە عێراقی و کوردستانییەکان بڵاوکردۆتەوە, ئەندامی دەستەی نوسەرانی هەریەک لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی (کوردستانی نوێ, نووسەری نوێ, ڕۆشنبیر) بووە, بۆ دوو خول سکرتێری (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) بووە, هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی) بووە, لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٨-٢٠١٤) سەرنووسەری هەردوو گۆڤاری (k21, لەیلا قاسم) بووە, ئێستا لە شاری هەولێر نیشتەجێیە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەلی, بارزان محەمەد, (٢٠١٩), مومتاز حەیدەری باخچەیەکی ڕەنگین لە کلتووری کوردیدا, چاپی یەکەم, هەولێر, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, ل٧-دواتر .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

[5] - پرۆگرامی باسم: پرۆگرامێکی نوێ بوو لە لایەن بەهائەددین نوری سکرتێری گشتی (حزبی شیوعی عێراق) دانراوە, باسم ناوی نهێنی ناوبراو بووە, ئەم پرۆگرامە شوێنی (پرۆگرامی نیشتیمانی) ی فەهدی دامەزرێنەری (حزبی شیوعی عێراق)ی گرتەوە, پرۆگرامی باسم داوای ڕووخانی ڕژێمی پادشایەتی و دامەزراندنی کۆمارێکی میللی دیموکراتی کردووە, هەروەها داوای مافی چارەی خۆنووسینی بۆ گەلی کورد کردووە, ئەم پرۆگرامە کاردانەوەی جیاجیای لە ناو ئەندامەکانی سەرکردایەتی حزبی شیوعی لێکەوتۆتەوە, بە جۆرێک ئەو ئەندامانەی دژی پرۆگرامەکە بوون هێرشێکی توندیان کردووەتە سەر سەرکردایەتی باسم و بە سەرکردایەتیەکی توندڕەو و ڕەفتار منداڵانەیان داناوە و بەیاننامەیەکیان بە ناوی (الإنتشال-ڕزگارکردن) دژی پرۆگرامەکە دەرکردووە, دواتریش لە ژێر ناوی (حزبی شیوعی عێراق- سەرکردایەتی ناوەندی) جیابوونەوەی خۆیان لە ڕیزەکانی حزبەکە ڕاگەیاندووە و ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (راية الشغيلة) دەرکردووە و هەر بەم ناوەنەوە ناسراون . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نوری, بەهائەددین, (٢٠٠١), بیرەوەریەکانی بەهائەددین نوری, وەرگێڕانی: سەردار سالح, بەرگی یەکەم, چاپی یەکەم, سلێمانی, چاپخانەی ڕەنج, ل١٦٤؛ حميدي, جعفر عباس, (١٩٨٠), التطورات والإتجاهات السياسية الداخلية في العراق (١٩٥٣-١٩٥٨), الطبعة الأولى, بغداد, منشورات جامعة بغداد, ص١٩٤ .

[6] - بەرگری میللی: هێزێکی میللی بوو لە سەرەتای ئابی ١٩٥٨ بە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٥٨ وەک ڕێکخراوێکی سەربازی لە عێراق دامەزراوە, شیوعیەکان زۆرینەی ئەو هێزەیان پێکهێناوە, تەها بامەرنی لێپرسراوی ئەم هێزە بووە, مەهدی حەمید کە کوردێکی خەڵکی شاری سلێمانی بووە بەرپرسی بەشی باکووری ئەو هێزە بووە, کاری سەرەکی ئەم هێزە پاراستنی  کۆماری عێراق بووە لە مەترسیە ناوەخۆیی و دەرەکیەکان, لە دوای ڕووبەڕووبوونەوەکەی شیوعیەکان و تورکمانەکان لە ساڵی ١٩٥٩ لە شاری کەرکوک, ئەم هێزە بە فەرمانی حکومەتی عێراقی هەڵوەشێنراوەتەوە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خدوري, مجيد, (١٩٩٧), العراق الجمهوري, إيران, مطبعة أمير, ص١١٣-١١٤؛ الجابري, محمد حسن, (٢٠٠٧), الصراعات السياسية فى العراق (١٩٥٨-١٩٦٣), بغداد, دار المرتضى للطباعة والنشر, ص٢٤؛ مەلا حەسەن, فەتاح تۆفیق فەتاح, (٢٠٠٨), حەفتا و شەش ساڵ ژیان پەنجا و نۆ ساڵ تێکۆشان, هەولێر, چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری, ل٢٣ .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لیستی سەرچاوەکان


### یەکەم/ بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە

1- الحكومة العراقية, دفتر الجنسية و النفوس, العدد: 102م, التأريخ: 1936/6/6 .

2- معاونية شرطة القضاء, الموضوع: المستدعية جميلة بنت علي, المرقم: س/239, التأريخ: 1956/4/30 .

### دووەم/ پەرتووکی بەڵگەنامەیی

أ- بە زمانی کوردی

1- میهۆ, لۆکمان, (٢٠٠٩), کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا (کوردستانی عێراق), وەرگێڕانی: وریا رەحمانی, هەولێر, چاپخانەی ڕۆژهەڵات .

ب- بە زمانی عەرەبی

2- البلداوي, عادل تقى عبد محمد, (٢٠١٢), نضال الشعب الكردي وموقع البارزاني فى الوثائق العراقية السرية, الطبعة الثانية, دهوک, مطبعة جامعة دهوک .

3- البوتاني, عبدالفتاح علي يحيى, (٢٠١٠), من أرشيف جمهورية العراق الأولى الحركة الشيوعية فى تقارير مديرية الامن العامة (١٩٥٨-١٩٦٢), أربيل, مطبعة حاجى هاشم .

### سێیەم/ بڵاوکراوەی حزبی

4- الحزب الشيوعي العراقي, (١٩٨٥), تقيم تجربة حزبنا النضالية للسنوات (١٩٦٨-١٩٧٩), أقره المؤتمر الوطني الرابع للحزب الشيوعي العراقي, بدون مكان الطبع, بدون مطبعة .

5- الحزب الشيوعي العراقي, (١٩٨٥), الإنهيار, الطبعة الأولى, نيقوسيا, الشركة الوطنية للطباعة والنشر .

### چوارەم/ بڵاوکراوەی حکومی

6- وزارة الإرشاد, الكتاب الاسود, (١٩٦٣), إعترافات الشيوعيين, بغداد, بدون مطبعة .

### پێنجەم/ یاداشت و بیرەوەری

أ- بە زمانی کوردی

7- ئەحمەد, کەریم, (٢٠٠٧), ڕێڕەوی تێکۆشان, وەرگێڕانی: جەلال دەباغ, سلێمانی, چاپخانەی ڕەهەند .

8- بۆتانی, کاکە مەم, (١٩٩٨), کاکی کاکان, هەولێر, چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری .

9- بیارەیی, ئاسۆ, (٢٠١٥), ئاوارەکانی بناری ئەودیوی چیا, چاپی یەکەم, سلێمانی, چاپخانەی کارۆ .

10- دڵزار, ئەحمەد, (٢٠١٩), بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم, چاپی یەکەم, هەولێر, چاپخانەی شەهاب .

11- نوری, بەهائەددین, (٢٠٠١), بیرەوەریەکانی بەهائەددین نوری, وەرگێڕانی: سەردار سالح, بەرگی یەکەم, چاپی یەکەم, سلێمانی, چاپخانەی ڕەنج .
ب- بە زمانی عەرەبی
12- البصري, سليم إسماعيل, (٢٠٠٦), الصراع من مذكرات شيوعي عيراقي, بيروت, دار المدى .
13- الحيدري, صالح, (٢٠٠٤), مختارات من مذكرات صالح الحيدري, طبعة الثانية, السليمانية, مطبعة رنج .
14- دكلة, صالح مهدي, (٢٠٠٠), من الذاكرة سيرة الحياة, دمشق, دار المدى للثقافة والنشر .
15- دلزار, أحمد, (٢٠٠٢), لمحات من تأريخ الحزب الشيوعي العراقي, أربيل, منشورات طريق الشعب, مطبعة الثقافة .
16- سيف, مالك, (١٩٨٣), للتأريخ لسان ذكريات وقضايا خاصة بالحزب الشيوعي العراقي, بغداد, دار الحرية للطباعة و النشر .
17- عبدالرزاق, عبدالمجيد, (٢٠١٢), مذكرات عبدالمجيد عبدالرزاق, أربيل, مطبعة أزادى .
18- العاني, ثابت حبيب, (٢٠١٤), صفحات من السيرة الذاتية, الطبعة الأولى, بغداد, دار الرواد المزدهرة .
19- فتح الله, جرجيس, (١٩٩٨), زيارة للماضي القريب, سويد, دار الشمس للطباعة و النشر .
20- الياسري, كاظم فرهود, (٢٠٠٨), سيرة و ذكريات وود مقيم, بغداد, مطبعة خير .

**شەشەم/ پەرتووکەکان**

أ- بە زمانی کوردی
21- ئەمین, مەغدید حاجی, (١٩٩٧), حزبی شیوعی عێراق دامەزراندن و سەرەتای ڕەوتی مێژوویی (١٩٣٤-١٩٤٠), هەولێر, بێ چاپخانە .
22- بارزانی, مەسعود, (٢٠٠٤), بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد-شۆرشی ئەیلول (١٩٦١-١٩٧٥), بەرگی سێیەم, بەشی دووەم, چاپی یەکەم, هەولێر, چاپخانەی پەروەردە .
23- تاڵەبانی, جەلاڵ, (٢٠١٩), نووسینەکانی مام جەلال لە گۆڤاری خاکدا, سلێمانی, چاپخانەی پیرەمێرد .
24- تاڵەبانی, نوری, (٢٠٠٤), ناوچەی کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە, چاپی دووەم, هەولێر, دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە .

25- الحمداني, حامد, (٢٠١٢), چەند لاپەڕەیەک دەربارەی مێژووی نوێی عێراق لە شۆڕشی چواردەی تەموزەوە بۆ جەنگی دووەمی کەنداو, وەرگێڕانی: شەمال ئەحمەد, سلێمانی, خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا .
26- خۆشناو, شوان محەمەدئەمین تەها, (٢٠١٢), هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٣), چاپی یەکەم, هەولێر, چاپخانەی ڕۆژهەڵات .
27- خۆشناو, شوان محەمەدئەمین, (٢٠١٦), هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩٦٣-١٩٧٠), هەولێر, چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین .
28- ڕەسول, فاتیح, (٢٠٠٥), بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان, چاپی دووەم, سلێمانی, چاپخانەی چوارچرا .
29- شمیدت, دانا ئادامز, (٢٠٠٩), سەفەرێک بۆ ناو پیاوە ئازاکان لە کوردستان, وەرگێڕانی: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل, چاپی دووەم, هەولێر, چاپخانەی ڕۆشنبیری .
30- شوانی, ئاکۆ عەبدولکەریم, (٢٠٠٨), شاری سلێمانی (١٩٣٢-١٩٤٥) – لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە, چاپی یەکەم, سلێمانی, چاپخانەی تیشک .
31- علاوي, إبراهیم, (٢٠١٥), ئاڵوگۆڕ بەغدا-بەرلین شۆڕشی ١٤ی تەمموزی عێراق لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا, وەرگێڕانی: شێرکۆ عەبدوڵلا, سلێمانی, دەزگای دواڕۆژ بۆ ڕووناکبیری و ڕاگەیاندن .
32- عومەر, سەروەر عەبدولرەحمان, (٢٠١٩), حزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی کورد (١٩٣٤-١٩٧٥), چاپی یەکەم, سلێمانی, چاپخانەی کارۆ .
33- عەلی, بارزان محەمەد, (٢٠١٩), جەمال حەیدەری ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری (١٩٢٦-١٩٦٣), هەولێر, چاپخانەی ڕۆژهەڵات .
34- غەفوور, خەلەف, (٢٠١٨), گەنجینەی سوور, چاپی یەکەم, سلێمانی, چاپخانەی کارۆ .
35- قادر, مەهدی محەمەد, (٢٠٠٥), پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق (١٩٤٥-١٩٥٨), سلێمانی, سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان .
36- گۆمەتاڵی, بورهان حاتەم, (٢٠١٩), سالح حەیدەری (١٩٢٢-٢٠٠١) ڕۆڵی سیاسی و ڕووناکبیری, چاپی دووەم, هەولێر, چاپخانەی ڕۆژهەڵات .
37- مام خول, ڕەفیق ڕەحمان, (٢٠١٣), مستەفا بارزانی ژیان و ڕۆل و هەڵوێستی لە پیشهاتە سیاسییەکانی (١٩٥٨-١٩٧٠), چاپی یەکەم, هەولێر, چاپخانەی شەهاب .

38- مستەفا, سۆزان کەریم, (٢٠٠٧), بەعسیزم و کورد تـوێژینەوەیەکی مێژوویـی سیاسـییە (١٩٤٧-١٩٧٥), چاپی یەکەم, سلێمانی, دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی .
39- نوری, فەریدون, (٢٠٠٧), بزاڤی بارزانی, چاپی یەکەم, هەولێر, دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکرنەوە .
40- هەڵەدنی, ژیلوان عەبدوڵلا, (٢٠٢٠), حزبی شیوعی عێراق و ڕۆڵی لە بـزوتنەوەی ڕزگـاریخوازی گەلـی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٧٥-١٩٩١),چاپی یەکەم, سلێمانی, چاپخانەی بەهەست.
ب- بە زمانی عەرەبی
41- أعيان, أحمد بـاش, (٢٠١٣), إنقـلاب ١٤ تمـوز ١٩٥٨ فـی العـراق- خلفيـاته وذيولـه مـع مـوجز عـن العهـد القاسمي (١٩٥٨-١٩٦٣), الطبعة الأولى, لندن, دار الحكمة .
42- بادي, ميڤان عارف, (٢٠٠٥), الحركـة القوميـة الكرديـة التحررية فـي كوردسـتان العـراق (١٩٥٨-١٩٦٣), أربيل, مطبعة وزارة التربية .
43- الجبـوري, عبـدالجبار حسـن, (1977), الأحـزاب والجمعيـات السياسـية فـي القطـر العـراق (1908-1958), بغداد, دار الحرية للطباعة .
44- الحفو, البوتاني, غانم محمد, عبـدالفتاح علـي, (٢٠٠٥), الكـورد والاحـداث الوطنيـة فـی العـراق خـلال العهد الملكي (١٩٢١-١٩٥٨), دهوک, دار سپيريز للطباعة والنشر .
45- الخرسـان, صـلاح, (٢٠٠١), التيـارات السياسـية فـي كردسـتان العـراق- قـراءة فـی ملفـات الحركـات والأحزاب الكردية فی العراق (١٩٤٦-٢٠٠١), بيروت, مؤسسة المعارف للمطبوعات .
46- رميض, صباح مهدي, (٢٠١٠), صحافة العهد الملكي, بيروت, مؤسسة مرتضى للكتاب العراقي .
47- شبر, حسن, (٢٠١٢), العمل الحزبي فی العراق, الطبعة الثانية, بغداد, دار الشؤون الثقافية العامة .
48- الطـائي, مؤيـد شـاكر كـاظم, (2013), الحـزب الشـيوعي العراقـي (1935-1949), الطبعـة الأولـى, دمشق, تموز للطباعة و النشر .
49- طوبان, حيدر علي, (٢٠١٢), أسرة عمر نظمي دورها السياسي واتجاهاتها الفكرية في العـراق المعاصـر, الطبعة الأولى, بغداد, مكتبة عدنان .
50- عقـراوي, شـكيب, (٢٠٠٧), سـنوات المحنـة فـي كردسـتان- أهـم الحـوادث السياسـية والعسـكرية فـي كردستان العراق من ١٩٥٨ الى ١٩٨٠, الطبعة الأولى, أربيل, مطبعة مناره .
51- القيسي, سيف عدنان, (٢٠١٤), الحزب الشيوعی العراقي فی عهد البكر (١٩٦٨-١٩٧٩), لندن, دار الحكمة .

52- الكاظمي, نصير سعيد, (1991), مساهمة في كتابة تأريخ الحركة العمالية في العراق حتى عام 1958, ديمشق, مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي .
53- مايى, انور, (١٩٩٥), محاضرة فى الصين عن الكورد, الطبعة الثانية, دهوك, مطبعة كلية شريعة .
54- المحامي, عثمان الرواندزي, (٢٠٠٢), إستجواب صدام حسين رجل المتناقضات, لندن, دار الأندلسية .
55- محمد, شێرزاد زكريا, (٢٠٠٦), الحركة القومية الكردية فى كردستان العراق (٨ شباط ١٩٦٣-١٧ تموز ١٩٦٨), دهوك, دار سپيريێز للطباعة .
56- مخموري, عبدالله عثمان, (٢٠١١), سيرة بطل و مناضل إبراهيم محمد على مخمورى, أربيل, مطبعة أزادى .
57- مصطفى, عبدالجبار عبد, (١٩٧٨), تجربة العمل الجبهوى فى العراق بين (١٩٢١-١٩٥٨), بغداد, دار الحرية للطباعة .
58- النعمان, سالم عبيد, (٢٠٠٧), الحزب الشيوعى العراقي بقيادة فهد, دمشق, دار المدى للثقافة والنشر .
59- بطاطو, حنا, (١٩٩٢), العراق-الحزب الشيوعي كتاب الثاني, ترجمة: عفيف الرزاز, بيروت, مؤسسة الأبحاث العربية .
60- البوتاني, عبدالفتاح علي يحيى, (٢٠٠٤), من كان وراء حوادث الموصل و كركوك الدامية ٨ أذار-١٤ تموز ١٩٥٩, أربيل, مطبعة الثقافة .
61- البوتاني, عبدالفتاح على, (٢٠٠٨), العراق دراسة فى التطورات السياسية الداخلية (١٤ تموز ١٩٥٨-٨ شباط ١٩٦٣), الطبعة الأولى, ديمشق, دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع .
62- حسين, عبدالخالق, (٢٠٠٣), ثورة ١٤ تموز العراقية و عبدالكريم قاسم, دمشق, دار الحصاد للنشر و التوزيع .
63- حمادي, سعدون, (1959), نحن والشيوعية في الازمة الحاضرة, بيروت, دار الطليعة للطباعة والنشر .
64- حميدي, جعفر عباس, (١٩٨٠), التطورات والإتجاهات السياسية الداخلية في العراق (١٩٥٣-١٩٥٨), الطبعة الأولى, بغداد, منشورات جامعة بغداد .
65- جندي, خليل, (١٩٩٤), حركة التحرر الوطني الكردستاني فى كردستان الجنوبي ١٩٣٩-١٩٦٨, الطبعة الأولى, ستوكهولم, دار نشر أبيس .

66- دان, أوريل, (٢٠١٢), العراق فى عهد قاسم, الترجمة: جرجيس فتح الله, الطبعة الأولى, أربيل, دار أراس للطباعة والنشر .
67- رحمن, شهاب احمد, (٢٠١٣), الإغتيالات السياسية فى العراق (١٤ تموز ١٩٥٨-٨ شباط ١٩٦٣), أربيل, مطبعة الحاج هاشم .
68- سنجاري, علي, (١٩٩٧), الحركة التحررية الكردية مواقف وأراء, الطبعة الأولى, دهوک, مطبعة خبات .
69- السورچي, أحمد عبدالعزيز, (٢٠١٧), صفحات مشرقة من تأريخ الحزب الشيوعي العراقي في لواء أربيل حتى الثورة ١٤ تموز ١٩٥٨, دون مكان, دون مطبعة .
70- شعبان, عبد الحسين, (2019), سلام عادل الدال و المدلول وما يمكث وما يزول, الطبعة الأولى, بغداد, دار ميزوبوتاميا للطباعة و النشر والتوزيع .
71- العاني, الحربي, نوري عبدالحميد, علاء جاسم, (٢٠٠٥), تأريخ الوزارات العراقية فى العهد الجمهوري (١٩٥٨-١٩٦٨), جزء الخامس, الطبعة الثانية, بغداد, دار بيت الحكمة .
72- عيسى, حامد محمود, (١٩٩٢), المشكلة الكردية فى الشرق الاوسط, القاهرة, مطبعة أطلس .
73- الفؤادى, فيصل, (٢٠١٣), من تأريخ الحركة الأنصارية من تأريخ الكفاح المسلح لأنصار الحزب الشيوعي العراقي (1978-1989), بغداد, دار الرواد المزدهرة .
74- القيسى, سيف عدنان ارحيم, (٢٠١١), الحزب الشيوعى العراقي من إعدام فهد حتى ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨, دمشق, دار الحصاد للطباعة والنشر والتوزيع .
75- القيسى, سيف عدنان, (٢٠١٩), عزيز محمد يتحدث (صفحات من تأريخ العراق السياسى), الطبعة الأولى, بيروت, مكتبة النهضة العربية للطباعة والنشر و التوزيع .
76- موسى, مسلم هادى, (١٩٧٩), نظرات في المسارات السياسية-الحزب الشيوعي العراقي, بغداد, دار للحرية للطباعة .
77- الناصري, القيسي, عقيل, سيق عدنان, (2017), من رسائل مناضل عطشان ضيول الأزيرجاوي, الطبعة الأولى, بغداد, دار سطور للنشر و التوزيع .

**78- حەوتەم/ نووسین و بڵاوکراوەکان**

أ- بە زمانی کوردی

79- هیوا, (١٩٩٠), چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هاوڕێ کەریم ئەحمەد, گۆڤاری بیری نوێ, ژمارە ١٥ .

ب- بە زمانی عەرەبی

80- أمين, تيلي, (١٩٩٢), عبدالكريم قاسم والقضية الكردية, مجلة متين, العدد ١٠, طبع حزب الديموقراطي الكردستاني .
81- الجباري, سمكو, (٢٠٠٢), الموقف الإقليمي والدولي للحزب الشيوعي العراقي من ثورة ١٤ تموز فى الوثائق البريطانية, مجلة فكر الجديد, عدد ٣٠, أربيل, مطبعة رهند .

**هەشتەم/ گۆڤارەكان**

١- به زمانى كوردى

82- گۆڤارى سەفين,١٩٨٦,ژمارە١٥ .

٢- به زمانى عەرەبى

83- جريدة القاعدة, عدد: 3, أذار 1944 .

**نۆيەم/ ديدار و چاوپێكەوتن**

84- ئەحمەد, كەريم, ٦ى كانوونى يەكەمى ٢٠٢٠ .
85- ئەحمەد, كەريم, ٧ى تشرينى يەكەمى ٢٠٢٠ .
86- ئەحمەد, كەريم, ١٧ى تشرينى دووەمى ٢٠٢٠ .
87- ئەحمەد, كامەران كەريم, ٥ى كانوونى يەكەمى ٢٠٢٠ .

## دور و موقف كريم أحمد تجاه الأحداث السياسية في العراق 1953-1962

منذ بداية أربعينات القرن العشرين، بدأت أسماء بعض الشخصيات الكردية تظهر, حيث قاموا بدورهم الرائد في مجال الحركة السياسية الكردية، كان كريم أحمد أحد هذه الشخصيات، كان له دورا فعالا في تطوير العلاقات بين الاحزاب السياسية في أطار الجبهة الوطنية, وأيضا له دورا و موقفا قياديا من بين القيادات الحزب الشيوعي العراقي لتأييد الثورة الكردية ، لذالك قمنا بإختيار هذا العنوان و إعداد بحث خاص عنه، إستنادا الى المنهج الأكاديمي في بحث التأريخي معتمدين على عدد من المصادر الأساسية في ذلك .

إقتضت تبيعة البحث الى ثلاثة المباحث الأساسية، المبحث الأول يحمل عنوان (حياة و شخصية كريم أحمد)، وفيه تطرقنا الى بعض جوانب والمحطات مهمة من حياة هذه الشخصية، كنشأته وتحصيلاته الدراسية و بداية أفكاره السياسية ، المبحث الثاني تتحدث عن موقف كريم أحمد تجاه الخلافات الداخلية للحزب الشيوعي العراقي (1953-1957) . المبحث الثالث فقد تم فيه تسليط الضوء على مواقفه السياسية تجاه الأحداث السياسية ١٩٥٨-١٩٦٢ . وفي الختام لخصنا أهم ما توصل اليه البحث في نقاط موجزة .

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Role and Position of Karim Ahmed Towards the Political Events in Iraq 1953-1962

**Asst. Prof. Dr. Mahdi Muhammad qadir**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan region, Iraq.
mahdi.muhammad86@yahoo.com

**Dashty Esmahil Omer**
Department of History, College of Arts, Salahaddin Unversity, Erbil, Kurdistan region, Iraq.
dashtypalany86@gmail.com

***Keywords:*** Art, Song, Music, Theater, Songer.

## Abstract

Since the beginning of the forties of the twentieth century, the names of some Kurdish personalities began to appear, They played their leading role in the Kurdish political movement, Karim Ahmed was one of these figures, he had an active role in developing relations between political parties within the framework of the National Front. It also has a leading role and position among the leaders of the Iraqi Communist Party to support the Kurdish revolution. so we chose this title and prepared a special research on it. Based on the academic approach in historical research, relying on a number of basic sources.

The research necessitated the subordination of the research to three basic topics, the first topic bearing the title (The life and personality of Karim Ahmed), in which we touched on some important aspects and stations of this character's life, such as his upbringing, his academic achievements and the beginning of his political ideas. the second topic bearing the title (Karim Ahmed's position towards controversies The Interior of the Iraqi Communist Party 1953-1957). The third topic, in which he shed light on his political stances towards the political events 1958-1962 . In conclusion, we summarized the most important findings of the research in brief points .